# کیەکەگارد وەك ڕەخنەگری هیگڵ
# (توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە هەڵێنجراوە لە تێزی دوکتۆرا)

پ.ی. ڕێبوار حەمەئەمین حەسەن[1]     پ . د. حەمید عەزیز سەعید[2]

[2-1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئەدەبیات،زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان/ عێراق.

**پوختە**

بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی لە نێو نووسینەکانی خوداناس و فەیلەسووفی دانمارکی سۆرین کیەکەگارد (1813-1855) و لە ڕوانگە و دیدی ئەوەوە بۆ هیگڵ: (1770-1831)؛ ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر پەیوەندیی و ناکۆکیی هزریی ئەم دوو فەیلەسووفە، ئەمەش سەبارەت بە چەمکەکانی ڕاستەقینە(truth)، خود (self) و بابەتیبوون(objectivism). کیەکەگارد سەرەتا لە ڕەخنەکانیدا ڕووی لە هیگڵیستە دانمارکییەکان و پاشان ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ڕەخنە لە نووسینەکانی هیگڵ خۆی. ئەو کەلێنە ئاشکرا دەکات کە بابەتیبوون (objectivism)، لە فەلسەفەی هیگڵدا دروستی کردووە، کە کیەکەگارد بە گەڕانەوەی بۆ خود (Selv)، لە هەوڵی پڕکردنەوەیدایە و پێی وایە خودباوەڕییش (subjectivism) هەڵگری ڕاستەقینەی خۆیەتی. کیەکەگارد مکوورە لەسەر ئەوەی کە ڕاستەقینە شتێکی خودییە و نابێت فەلسەفەش بچێتە سەر ڕێچکەی زانست. لە کاتێکدا هیگڵ دەڵێت دەبێت فەلسەفە ڕێچکەی زانست بگرێتە بەر. کیەکەگارد دەڵێت زۆر شت لەم بوون و ژیانەدا هەن، کە خۆیان بەدەست ئەزموونکاری و تێبینی و تاقیکردنەوەوە نادەن و زانست بەو ئامرازانەی لەبەردەستیدان ناتوانێت پەیبیان پێ بەرێت، لەوانەش چۆن بتوانین ڕێژەی باوەڕ، ئەڤین، هاوڕێیەتی و بەدکاری و.. لەلای مرۆڤەکان دیاریی بکەین و هەڵیانسەنگێنین. بە چ پێوەرێك داوەری و حوکم لەو بارەیەوە دەربکرێت؟

بۆ خستنەڕووی ئەم کێشەیە پشتمان بە میتۆدی ڕەخنەی فەلسەفیی بەستووە و گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کیەکەگارد فەلسەفەی بە شێوەیەکی کردەیی بۆ تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ خستۆتەکار و ئەمەش ڕێگەی پێداوە سیستەمی هزری هیگڵ بخاتە ژێر پرسیاری گرنگەوە. بۆ کیەکەگارد هەر ئەوەندە بەس نییە سیستەمێکی بیرکردنەوەمان لەبارەی بوون و ژیانەوە هەبێت و بتوانین ژیان و واقیع بە بیرۆکە و نووسین و قسە شیبکەینەوە، بەڵکو پێویستە ئەو بیرکردنەوەیە پەیوەست بێت بە ژیانی کردەیی و ڕۆژانەی مرۆڤەکانیشەوە، بگرە پێویستە ئەو بیرکردنەوەیە لەو ژیانەوە هەڵقوڵابێت و خزمەتیشی پێ بکات و چارەسەری کێشە ڕۆژانەییەکانیشی بکات.

**وشە کلیلییەکان: کیەکەگارد، هیگڵ، ڕەخنەی فەلسەفی، بابەتی، خودی، بوون.**

**پێشەکی:**

کیەکەگارد فەیلەسووف و خوداناسیکی دانمارکیە. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئێگزیستیانسیالیزم/بوونخوازی دانداراوە. بەڵام ئەو خۆی بە ئێگزیستیانسیالیست نازانێت و ئەمە ناونیشانێك بوو لە سەدەی بیستەمدا خرایە پاڵی. ساڵی 1813 لە کۆپنهاگن هاتۆتە دنیاوە و لە ساڵی 1856 کۆچی دوایی کردووە. 28 بەرهەمی نووسیوە(Grøn, Garff og Cappelørn 14: 2023,) و زیاتر لە 8 هەزار دەستنووسی لە دوای خۆی بەجێهشتووە (Kierkegaard, Søren: 1997-12). کیەکەگارد هیچ نەیشاردۆتەوە کە بە هەندێك فەیلەسووفی پێشخۆی سەرسام بووە، بەڵام پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەی لەگەڵیاندا دامەزراندووە، لەوانەش سوکرات، پلاتۆ، ئەریستۆتالیس و ئاگۆستین، تا دەگات بە هیگڵ و هاوچەرخەکانی خۆی. بەهۆی سنووری کارەکەمانەوە، دەرفەتمان نییە لە بارەی هەموو ئەو فەیلەسووفانە و کاریگەریی کیەکەگارد پێیان و لێکچوونیان لەگەڵ یەکدا ڕامێنین و بەپێی ڕەچاوکردنی گرنگیی و ماوە مێژووییەکان، دانەیەك لەو فەیلەسووفانە هەڵدەبژێرین، کە هیگڵە.

جۆرج ویلهێلم فریدریش هیگڵ، (لەدایکبووی ٢٧ی ئابی ١٧٧٠، شتوتگارت، ڤورتێمبێرگ [ئەڵمانیا]یە- لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٨٣١، بەرلین کۆچی دوایی کردووە)، فەیلەسوفێکی دەگمەن، کە بیرۆکەی دیالکتیکی پەرەپێدا و تیایدا جەختی لەسەر پێشکەوتنی مێژوو و ئایدیاکان دەکردەوە کەچۆن لە بیرۆکەی (تێز)ەوە (دژەتێز) دێتە ئاراوە و پاشانیش هاوبەشێك لە هەردووکیان کە ئەو پێی دەگوت (سەنتێزە) (Knox, T. Malcolm: 2023, 22). کاتێك هیگڵ تەمەنی 43 ساڵە، کیەکەگارد لەدایك دەبێت، بەڵام کاتێك هیگڵ دەمرێت، کیەکەگارد تەمەنی گەیشتووە بە (18) ساڵ و هیگڵی خوێندۆتەوە و بگرە یەکێکە لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانیشی.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد 1 (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەم پەیوەندییەدا ڕووندەبێتەوە، کیەکەگارد فەیلەسووفێکی ئاگا و بیرمەندێکی ئەکادیمیی خوێندەوار و لە هەمان کاتیشدا بوێر و لە ڕێسا دەرچوو بووە و ڕەوتێکی تایبەت بە خۆی هەبووە، کە جیای دەکاتەوە لە زۆربەی فەیلەسووفانی نێو مێژووی فەلسەفە. ئەم بابەتە گرنگیی خۆی بۆ ئێمەی کورد هەیە، تا بزانین کیەکەگارد لە چ نەریتێکەوە دێت و لە کامە نەریت یاخی دەبێت و چۆن تایبەتمەندییەکانی خۆی وەك بیرمەند و خوداناس و فەیلەسووفێك بەرجەستە دەکات. هەروەها دەستێکی باڵای هەبووە لە پەیوەستکردنەوەی زانستە مرۆییەکان بە یەکترەوە، بۆ ئەوەی پێکرا لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە دەرەکیی و ناوەکییەکانی مرۆڤدا بن. بەتایبەتیش زانستی دەروونزانیی و فەلسەفە.

**باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە:**

فەلسەفە بۆ کیەکەگارد چالاکییەکە پێویستە پەیوەندیی بە ژیانی کردەیی مرۆڤەوە هەبێت، لە کاتێکدا بۆ هیگڵ فەلسەفە سیستەمێکی ئایدیالیستییە و لە دەرەوەی ژیانێکی واقیعیانەیە. چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیەیە لە نێوان ئەم دوو فەیلەسووفەدا.

**- کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە یەکالاکردنەوەی ئەو گوزارەیەیە لە نێوان کیەکەگارد و هیگڵدا هەیە: هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە ڕاستەقینە هەمیشە لە دنیای بابەتی و دەرەکییدایە و ڕۆڵی خود و تاکەکەس لەم مەسەلەیەدا شتێکی بەرچاو نییە. کیەکەگارد بە پێچەوانەوە، لەلای وایە ئەوەی کە ڕاستەقینەیە تەنیا خودێتییە و شتێکی دەرەکیی نییە. ئێمەی مرۆڤ جیاوازین و هەریەکەمان ژیان و ئەزموونگەلێکی تایبەت تەی دەکەین و هیچییان لە یەکتر ناچن. بۆیە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی جگە لە گەڕانەوە بۆ خودی تاکەکەس، هیچ پێوەرێکی دیکەی بابەتیمان لە بەردەستدا نییە. وەك ئەوە نییە بڵێین 2+2= 4 لە هەموو شوێنکاتێکدا هەمان ئەنجامان بێتە دەست. توێژینەوەکە بەگەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکانی دەستی یەکەم لە هەوڵی ساخکردنەوەی ئەم مشتومڕەدایە. بەو لایەی دیکەشدا ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی نەبوونی ڕەوتێکی زانستی لە هەرێمدا دەکات، کە گرنگیی بە خود و دنیای ناوەکی بدات و تێگەیشتنێکی بەرینمان لەبارەی ڕاستییە خودییەکانیشەوە بۆ بەرهەم بهێنێت.

**- ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی کێشەیەکی فەلسەفیی و هزری نێوان دوو فەیلەسووفی ئەورووپایی و پیشاندانی جیاوازیی بۆچوونیان لەبارەی زانست و ڕاستەقینەوە. هەروەها بەشێوازی ڕوون و سوودبەخشانە گوزارشکردن لەم کێشەیە بە زمانی کوردی و لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیانەدا. ئەمە جگە لەوەی باسەکە دەیەوێت ناڕاستەوخۆش بێت، زەنگێکی مەترسی لەبارەی پۆزەتیڤیزمی زانستی لە هەرێمی کوردستان لێ بدات و لە کێشەکانی ئەم ڕەوتە لە توێژینەوەدا، ئاگامان بکاتەوە.

**- گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە وردی پەنجەنومای کێشەیەکی هزری لە نێوان ئەم دوو فەیلەسووفەدا دەکات. ئەم دوو فەیلەسووفە وێڕای مەوداکانی نێوانیشیان، هەتا ئێستاش گرنگیی هزریی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا پاراستووە و بۆ ئێمەی کوردیش ئەم گرنگییە لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیانەوە، پەیوەستمان دەکاتەوە بەو مشتومڕە فەلسەفیانەی لە جیهاندا لەبارەیانەوە هەن. بۆ یەکەمجاریشە بە زمانی کوردی توێژینەوەیەکی لەمجۆرە لە نێوان ئەم دوو فەیلەسووفەی سەدەی نۆزدەیەمی ئەورووپادا بکرێت.

گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تێمان دەگەیەنێت بۆچی کیەکەگارد لە بنەماوە دژی هەر جۆرە تێگەیشتنێکی پۆزەتیڤیستیی بوو لە زانست. ئەمەش لە کاتێکدا کۆی پرۆسەی زانستی لە وڵاتی ئێمە و لە ناو زانکۆکاندا، هەتا ئێستاش لەسەر بنەمای پۆزەتیڤیستییەوە بەڕێوە دەچێت و هیچ ڕەخنەیەکیشمان لەوبارەیەوە دەست پێنەکردووە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بەراووردکاریی ڕەخنەی فەلسەفییە، کە تیایدا بۆچوونە جیاوازەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە و گفتوگۆیەکی ڕەخنەییان لەبارەوە دەکرێت. لایەنێکی دیکەی ئەم ڕەخنەیە بریتیە لە ڕاستکردنەوەی هەندێ بۆچوون لەبارەی پەیوەندیی کیەکەگارد و هیگڵ، کە لەلایەن چەند توێژەرێکی بیانییەوە خراونەتە ڕوو.

**باسی دووەم: سەرچاوە هزرییەکانی فەلسەفەی کیەکەگارد:**

**- مەبەستمان لە کاریگەریی چییە؟**

بەپێی سەرچاوەکان و ئاماژەکانی کیەکەگارد خۆی، بابەتی کاریگەربوونی کیەکەگارد بە فەیلەسووفەکانی دی، دەکرێتە دوو بەشەوە(Bertung2013: 9-10)، کە ئێمە زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین: یەکەم نووسەران و فەیلەسووفانی دانمارکی دەگرێتەوە کە بریتین لە: (فریدیریك کریستیان سیبەن (1785-1872) و ئەویتریشیان لە پاوڵ مارتین میولە (1794-1838) و بەشی دووەمیش نوسەران و فەیلەسووفە نا-دانمارکییەکان دەگرێتەوە، کە بریتین لە: (سوکرات، پلاتۆ، ئەرستۆتالیس، ئاگۆستین و هیگڵ) و چەندانیتریش. ئەم بابەتە سەرجەم ئەو کاریگەرییانە دەگرێتەوە کە شوێنی خۆیان لە ژیان و هزری کیەکەگارددا، جێهێشتووە.

ئەو ماوەیەی کیەکەگارد تیایدا چالاك بووە، لە مێژووی هزری دانمارکیدا بە ماوەی "ئایدیالیزمی دانمارکی" ناوزەد دەکرێت و لە 1800 بۆ 1880 دەگرێتەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی شەپۆلی پۆزەتیڤیزم و ڕۆمانتیزمە و زانستە سرووشتییەکان لە لوتکەی گەشانەوەی خۆیاندان(Koch: 2004, 299). بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەردەمی کاریگەریی بەربڵاوی هیگڵە، کە بیروڕاکانی لە ناو پانتایی ئەکادیمیی وڵاتەکەدا بڵاو بۆتەوەو زۆرێك لە مامۆستاکانی کیەکەگارد لە زانکۆی کۆپنهاگن هیگلیست بوون. کەواتە گرنگیی هیگڵ لەم قۆناغەی ژیانی هزری کیەکەگاردا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.

لە ڕاستییدا هەرجۆرە دەسپێکێکی دروست بۆ قسەکردن لەبارەی کاریگەربوونی کیەکەگارد ئەوەیە بگوترێت: یەکەم کەس کاریگەریی لەسەر هزری ئەم فەیلەسووفە دانابێت، باوکی بووە. لە بواری ڕۆشنبیرییەوە، باوکی خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام خۆی فێری بابەتە هزری و لاهووتی و فەلسەفییەکان کردووە و بیری زۆر تیژ بووە (Brands: 1877, 8-9). میکایل کیەکەگارد، دوای ئەوەش کە دەوڵەمەندییەکەی گەیشتە ئەوەی لە تەمەنی چل ساڵییەوە خۆی خانەنشین بکات و ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان بکات، بۆ پڕکردنەوەی ئەو دۆخە دەروونییەی، کەوتە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و کتێبە فەلسەفییەکان. بەو پێیەش یەکەمین

کاریگەرییەکان لەسەر کیەکەگارد لەلایەن باوکییەوە بووە. ئەوەش بەتایبەتی بیرکردنەوە ئایینییەکەی، کە پاشان چێوەیەکی فەلسەفی و خوداناسی پێبەخشی. ئەم کاریگەرییە وایکرد سەرچاوەی سەرەکی کیەکەگارد ببێتە کتێبی پیرۆز و ئامادەیی ئەم کتێبەش بەسەر تەواوی بەرهەمەکانییەوە دیارە بەبێ ئەوەی ئەمە پەیوەستی بکاتەوە بە مەسیحییەتیکی نەریتییەوە، کە لە کڵێسەکاندا و ڕۆژانی یەکشەممان بەڕێوە دەبرا و دەبرێت(SLøk: 2013, 19-21).

بێ گومان پەروەردە، ژینگە و دۆخی خیزانی و کۆمەڵایەتیش کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ دادەنێن و ئەمە بۆ کیەکەگاردیش ڕاستە. بەڵام ئێمە زیاتر مەبەستمانە کاریگەرییە هزرییەکان بخەینە بەرباس و سەرەتای ئەمەش بە کاریگەریی باوکی دەستپێدەکات(Sløk: 2013, 24)، کە فێری گوێگرتن، گفتوگۆ، خۆشویستنی فەلسەفە و گەمەکردنی بە خەیاڵ و فەنتازیاشی کرد: **"کاتێك هێشتا منداڵیت و لەیستۆك و یاریت نییە، بێگومان بێزار دەبیت. ڕێك ئا لەوێدایە خەیاڵکردنەوە فریاد دەکەوێت"**( Kierkegaard: SKS: 18, 203 ).

لە منداڵییدا کیەکەگارد و باوکی بەشێوەیەکی گشتی لە ماڵەوە کاتێکی زۆریان بەسەر بردووە. ئەم نزیکایەتییە وایکردووە کیەکەگارد شتێك لە ژیانی باوکیدا بدۆزێتەوە، "پنتێکی تاریك"، کە سەرچاوەی بیمارییە گیانیی و دینداریيەکەی بووە( Brandes: 1877, 26).

ئەم پنتە تاریکە چیی بووە، کەس نازانێت و کیەکەگاردیش بۆخۆی بوێری نەبووە نە باسی بکات و نە پرسیار لە باوکیشی بکات: **"پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ، کاتێك کوڕەکە لە پشت سەرەوە هەمووشتێك ئاشکرا دەکات، بەڵام بوێریی نییە باسی بکات. باوک پیاوێکی بەڕێزە، لە خوداترس و توند و تیژە، تەنیا ئەو کاتەی سەرخۆش دەبێت هەندێك وشە دەڵێت، کە ترسناکترین گومان جێدەهێڵن. ئەگەر نا کوڕە نایناسێت و ناشوێرێت لەم بارەیەوە پرسیار لە باوکی بکات، یان لە هەرکەسێکی دیکە.**"(Kierkegaard: 1844, 211)

لە هەموویشی گرنگتر باوکی لەگەڵ هەموو دۆخە دەروونیی و میزاجییەکانی خۆیشیدا، کیەکەگاردی فێری ئەڤین و هاوڕێیەتی و بەهای بەرز کرد( Brands: 2023, 10).

کیەکەگارد لە(1838/8/11)دا نووسیویەتی: **"باوکم ڕۆژی چوار شەممە 8ی مانگ کاتژمێری 2 کۆچی دوایی کرد. زۆرم حەز دەکرد ئەو چەند ساڵێکی دیکەش بژی، مردنەکەشی بۆ من دوایین قوربانیدان بوو. چونکە ئەو لە من نەمرد، بەڵکو بۆ من مرد، لە نێوان گشت ئەو شتانەی بە میرات بۆم ماونەتەوە یادگارییەکانی و وێنەکەیەتی"** (Kierkegaard: 1838; 11). لەم دەربڕینەدا زۆر شتی دیکە هەیە لەوەی تەنیا یەك دێڕی بگوێزرێتەوە، کیەکەگارد نەیدەویست باوکی جارێ بمرێت. باوکی ڕێنماییکەرێکی زۆر گرنگ بووە بۆی و مردنەکەشی وەك جۆرێ لە خۆقوربانیکردن لێکدەداتەوە. میراتە مادییەکەی بۆ ئەو گرنگ نییە هێندەی ئەوەی یادگارییەکانی و ئەو یادەوەرییانەی لەگەڵ باوکی هەیبوون، گرنگن. چونکە دواجار باوکی هاوڕێیەکی وەفاداری بووە.

لە ناو فەیلەسووفە دانمارکییەکانیشدا، دوو کەسایەتی هەبوون، لە لایەنی هزرییەوە کاریگەرییان لەسەر کیەکەگارد دانابوو؛ کە بریتین لە فریدیریك کریستیان سیبەن (1872-1785) و ئەویتریشیان لە پاوڵ مارتین میولە (1794-1838). هەموو ئەو کەسانەش کە لە دانیشتنەکانی باوکیدا ئامادەییان هەبووە، کاریگەرییان لەسەر کیەکەگارد داناوە هەرچەندەش بە ڕوونی ناویان نەهاتووە. خاڵی هاوبەش و هەرە سەرەکی نێوانیان ئەم کەسایەتیانە ڕەخنەگرتن بووە لە هیگڵ ( Klausen: 2023, 19، Harnow, Møller). بۆیە ئەم دوو بیرمەندە دانمارکییەش ڕەخنەگری هیگڵ بوون، کە کیەکەگارد پێیان کاریگەر بووە(Helweg:2023, 19).

## باسی دووەم: کیەکەگارد و هیگڵ:

ڕەخنەگرتن لە جیهاندیدی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ڕەهای هیگڵ، لە کیەکەگاردەوە دەست پێناکات؛ پێش کیەکەگارد هەریەکە لە مارکس (1818-1883)، فۆیەرباخ (1804-1872)، فردیریك ئینگلس (1820-1895) و شۆپینهاوەر(Sløk: 1997، 36) و نیتشە (1844-1900)(Cristante: 2009, 313) لە ڕەخنەگرە سەرسەسەختەکانی هیگڵ بوون (Koch: 1999, 102-104) و بەرهەمەکانی لەلایەن ئەم فەیلەسووفانەوە هەڵسەنگێنراون، ڕەخنەکاری کراون و بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەتکراونەتەوە(راوچ:1382، 197).

شارەزایانی فەلسەفەی کیەکەگارد و هیگڵ وەك (ژان ڤاڵ)، لەو بڕوایەدان "ئەگەر بمانەوێت هزرە پێکداچووەکانی کیەکەگارد کەمێك ڕێك و ڕیز بکەین، یەکەمین شتێك بۆ توێژینەوەکەمان لەبەرچاوی بگرین ڕەخنەکانی ئەوە لە سیستەمی فەلسەفیی هیگڵ. چونکە لەبەرامبەر و لە دژی فەلسەفەی هیگڵە کە هەڵوێستی هزری ئەم نووسەرە عارفمەشرەبە ئاشکرا و دەستنیشان دەکرێت"(وال: 1387، 109).

ئەم بۆچوونە نیوەی ڕاست و نیوەکەی دیکەی دروست نییە: ئەوە ڕاستە کیەکەگارد لە بەرامبەر هیگڵدا هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی هەیە و لەم ڕێگەیەوە کیەکەگارد باشتر دەناسین. بەڵام ئەگەر بەو مانایە بێت، کە کیەکەگارد لە دەرەوەی قسەکردن لەسەر سیستەمی فەلسەفیی هیگڵ شتێکی دیکەی بۆ گوتن نییە، قسەی ئەو شارازایانە ڕاست نییە. کیەکەگارد لەوەدا دژی هیگڵە کە ئەمیان دەیەوێت لە ڕێگەی جێگیرکردنی بوون لە سیستەمێکی ئەقڵانیی فەلسەفییدا پێناسە بکات، لە کاتێکدا ڕوانگەی کیەکەگارد بۆ بوون لەوە فروانترە بتوانین بە ئامرازی ژیر و لە ناو سیستەمێکی تەواوبووی فەلسەفییدا لە بوون تێبگەین و پێناسەی بکەین. کیەکەگارد لەو بڕوایەدایە (و ئەمەشی لە نووسینە لاهوتییە سەرەتاییەکانی هیگڵەوە وەرگرتووە)، کە: **"پێویستە ئێمە بژین تاکو لەو بوونە تێبگەین، چونکە ژیان دەمانکات بە بەشێك لە ڕاستەقینەی ئەو (بوون)ە، یان لەناو ئەودا جێگیرمان دەکات**"(کەمال: 2022، 64).

لە تێگەیشتنە کیەکەگاردییەکەشدا، پێویستە بوون بژین و ئەزموونی بکەین نەك پێناسەیەکی تیئۆریکیانەی بەسەردا بسەپێنین. ئەگەر بەشەکەی دیکەی ئەو گوتەیەی مامۆستا ژان ڤاڵ و ئەوانیتر ئەوە بێت، کە هزری کیەکەگارد پەرت و بێ سەرەوبەرەیە و بە هۆی نیشتەجێکردنی لە تێگەیشتنێکی هیگڵیانەدا بۆمان دێتەوە سەربار، دیسانیش ئەم بۆچوونە هەڵەیە و کیەکەگارد بیروڕاکانی خۆی بەو پەڕی ڕوونی و وردبینییەوە بۆ تۆمارکردوین، بەڵام بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز، کە تێگەیشتن بە خێرایی لێی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەدوای ئەوەوە نین تا هیگڵییەت لە کیەکەگارد بکەینە دەرەوە( Olesen: 2023, 23).

بۆیە پەیوەندیی کیەکەگارد بە هیگڵەوە لە مێژووی فەلسەفەدا زۆر قسەی لەبارەوە کراوە. کاکڵەی ئەو قسانە ئەوەیە گوتوویانە کیەکەگارد ڕەخنەگرێکی سەرسەختی هیگڵ بووە. ئەمەش تەواو ڕاستە. کیەکەگارد و هیگڵ لە هەندێك لایەندا بە تەواوی جیاواز لە یەکتر بیریان کردۆتەوە. کیەکەگارد بەوەش گومانی دەخرێتە سەر گوایە ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانی هیگڵی نەخوێندۆتەوە. بۆ نموونە: پرۆفیسۆر کلێر کارلایل

فەیلەسووفی بەریتانی، کە ئێمە سوودمەندین لە شیکردنەوەکانی ئەم پسپۆڕە لەبارەی کیەکەگاردەوە و ژیاننامەیەکی جوانی ئەم فەیلەسووفەشی نووسیوەتەوە، لە کتێبەکەیدا : کیەکەگارد: ڕێنمایی بۆ سەرسووڕماوان، دەنووسێت: "لە ڕاستیدا چەند بەڵگەیەك هەن، کە خودی کیەکەگارد ڕەنگە زۆر بەرهەمەکانی هیگڵی، نەخوێندبێتەوە. زانیاری ئەو لەبارەی هیگڵەوە لە دەستی دووەمەوە بووە."(کارلایل: 1397، 59). پاشان بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ دەقێکی کیەکەگەگارد، درێژەی پێدەدات و دەنووسێت: "ڕووبەڕووبوونەوەی کیەکەگارد لەگەڵ هێگڵ بە نێوانگیری هیگڵیستە دانمارکییەکان بوو، کە ڕەواجیان بە فەلسەفەی مامۆستاکەی خۆیان دەدا، کاتێك ئەو هێرشی دەکردە سەر هیگڵ، ئامانجی ئەوە بوو ئەوەی بە ناوی ئەوەوە لەلایەن ئەم مامۆستا دانمارکییانەوە دەگوترێت بخاتە بەر تیری ڕەخنە. پاشان کیەکەگارد لە هەوڵی ئەوەدا بوو، فەلسەفەی هیگڵی لەگەڵ ژیانی زانکۆییدا، بەشێوەیەکی گشتی یەکسان بکات" (کارلایل: 1397، 50-60)

لەم بۆچوونانەدا کێشەی زۆر هەیە، کە پێویستە لەسەریان بوەستین:

یەکەم ئەوەی کە کیەکەگارد لە "سەرچاوەی دەستی دووەمەوە هیگڵی ناسیوە"، قسەیەکی سەرلەبەر ڕاست نییە. چونکە کیەکەگارد زمانی ئەڵمانی زانیوە و بەرهەمەکانی هیگڵیش لە کتێبخانەکەیدا بوون و هەمیش لە یاداشت و ژۆرناڵەکانیدا بە دەیان جار ناوی هیگڵی هێناوە. بۆ نموونە لە بەرهەمە چاپکراوەکانی سەردەمی ژیانی خۆیدا (128)جار و لە چاپنەکراوەکانیدا (15)جار و لە ژۆرناڵ و یاداشتەکان و نامەکانیشیدا (85)جار ناوی بردوو و کاتێکیش ئاماژەیان پێدەدات، هیچ گومانێك لە پەیوەندیی خۆی بە تێکستەکانی هیگڵەوە ناهێڵێتەوە؛ چونکە ئاماژەکانی بە (ناوی بەرهەم، ژمارەی لاپەڕە، پەرەگرافی نووسینەکانی هیگڵ)، ورد و ڕوونن( Kierkegaard: 1841, 281). بۆ نموونە لە کتێبی (چەمکی ئایرۆنی)، دەنووسێت: "لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کردبوو کاتێك هیگڵ میتۆدی سوکراتی دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی جەخت لەسەر دوو شێوە دەکاتەوە: گاڵتەجاڕی و هونەری جێگرەوە. ئەم بابەتەش لەم بەرهەمەیدا هاتووە: مێژووی فەلسەفە، بەرگی دوو، ل: 59-67". لەمە ڕوونتر و وردتر ئاماژە نادرێت. ئەمە جگە لەوەی کیەکەگارد هەردەم بە زمانی ئەڵمانی گوتەکانی هیگڵ ڕادەگوێزێتە ناو نووسینەکانی خۆیەوە. کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی فەلسەفەی هیگڵ، بە ئاشکرا شایەتییەکەی کیەکەگاردمان بۆ دەسەلمێت. هیگڵ لەو بەرهەمەیدا، بەرگی یەکەم، (118) لاپەڕەی بۆ سوکرات تەرخان کردووە و بەشێکی تایبەت کردووە بە (میتۆدی سوکراتی)، کە کیەکەگارد ستایشکەرانە ئاماژەی پێکردووە(هگل: 1387، 1: 689-715).

بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەموو ئەم قسانەش پرۆفیسۆر دۆناڵد پامەر دەنووسێت: "نەوەی فەیلەسووفە کۆنتێنانتاڵەکان (قاڕڕەیی)، کە لە دوای شۆپێنهاوەر هاتنە مەیدانەوە، ناچار بوون ڕاستەوخۆتر خۆیان بۆ هیگڵ تەرخان بکەن، چونکە هیگڵ لە دەیەی 1830دا کاریگەرییەکی زیاد لە پێویستی پەیدا کردبوو. یەکێك لە سەرسووڕهێنەرترین ئەندامانی ئەم نەوەیە سۆرین کیەکەگاردی دانمارکی بوو"(پامر: 1389، 303).

هەموو ئەمانەش ئەو گومانە لەسەر کیەکەگارد لە پەیوەندیی بەوەی گوایە زانیارییەکانی لەبارەی هیگڵەوە لە دەستی دووەمەوە بوون، هەڵدەوەشێننەوە.

دووەم: کیەکەگارد زۆر دژی ئەوە بووە فەلسەفەی هیگڵ توتیانە لە لایەن مامۆستا دانمارکییەکانەوە بگوترێتەوە و ئەمەشی ڕەتکردۆتەوە.

لەپاش خوێندنی دواناوەندی کیەکەگارد لەسەر حەزی باوکی، بڕیار دەدات بچێت بەشی خوداناسی لە زانکۆی کۆپنهاگن، بخوێنێت 1830. باوکی دەیەوێت کوڕە زیرەکەکەی ببێتە قەشە و بۆ ئەمەش خوێندن لە بەشی خوداناسی شتیکی زۆر ئاسایی بووە، بگرە هەموو پەروەردە خێزانییەکەی بۆ ئەوە بوو بچێت لە بەشی خوداناسی بخوێنێت(Brands: 1877, 26-27). بێگومان ئەم حەزەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە باوکی دەیەوێت لەو گوناهەی کە بە گەنجێتی کردویێتی و خودای بە نەفرەت کردووە، لە ڕێگەی بە قەشەبوونی کوڕەکەیەوە؛ ببەخشرێت. هەندێك نووسەر ئەمە دەبەستنەوە بەو گرێبەستە نهێنییەی نێوان باوك و کوڕ، کە تیایدا "ژیانی کوڕەکە دەبێت بکرێتە قوربانیی گوناهی باوکەکە"(Jensen: 2016, 27). تەنانەت یەك ساڵ پێش کۆچی دوایی، کیەکەگارد دەڵێت پیشتر هەمیشە ئەو هەستەی هەبووە کە دەبێت "بکرێتە قوربانی" (Kierkegaard: 1854, 26.27).

یەکەم ڕووداو لە زانکۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کیەکەگارد لەگەڵ هیگڵیزم بوو. واتە هیگڵییە دانمارکییەکان نەبوونەتە پردێك بۆ ناساندنی هیگڵ بە کیەکەگارد، بەڵکو بوونەتە ئامانجی ڕەخنەی کیەکەگارد و بەو هۆیەشەوە کیەکەگارد کەوتۆتە ڕەتکردنەوەی ئەم خستنەڕووەی هێگڵ کە ئەوان ئەنجامیان داوە. لە ڕاستیدا کیەکەگارد بە چاوێکی باش تەماشای هیگڵییە دانمارکییەکانی نەکردووە و وەك مشەخۆر بەسەر هیگڵەوە بینیونی، لەبەر ئەوە "ڕەخنەی کیەکەگارد لە هیگڵ پەیوەندیشی هەیە بە ململانێی لەگەڵ هەندێ لە مامۆستا هیگڵییەکانی کە بۆ خۆی لێیان وەڕس بوو، تەنانەت لە خوار ئاستی خۆیشییەوە دەیبینین"(کارلایل:1397، 60).

سێیەم: لەوەش زیاتر، ئەوەیە کیەکەگارد کاتێك لە زانکۆ دەخوێنێت، کەشی خوێندنی ناو زانکۆی پێ خۆش نەبووە و ماوەیەکیش لێی دوور کەوتۆتەوە، بەڵام پاشان لەبەر باوکی دەست بە خوێندن دەکاتەوە. هۆکاری ئەوەش هەر ئەو مامۆستایانە بوون، کە بەلای کیەکەگاردەوە پیاوانی وشك و بەدوور لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و سەربەخۆ بوون(Lilhav: 2006, 8-3).

ئەوەش جێی سەرسووڕمانە کە پرۆفیسۆر کارلایل بۆ خۆی لە یەکێك لە نووسینەکانی کیەکەگاردەوە، جوانترین باسی ئەم فەیلەسووفە بۆ هیگڵ دەهێنێتەوە: "جاری واهەیە لە ناخمدا ڕێزێکی ئەفسووناوی لە ئاست هیگڵدا هەست پێدەکەم؛ زۆری لێوە فێربووم، باشیش دەزانم هێشتاکەش ئەگەر بۆی بگەڕێمەوە، شتگەلێکی زۆرتری لێوە فێردەبم.. دانابیە فەلسەفییەکەی ئەو، فەزڵ و پێگەیشتوویيە سەرسووڕهێنەکەی، دووربینییە داهێنەرانەکەی و هەر پێناسەیەکی دیکە، کە دەکرێت بۆ فەیلەسووفێك بکرێت، ئامادەم وەك هەر شاگردێك دان بەو پێناسەیەدا بنێم" (کارلایل: 1397، 58-59). وەك کارلایلیش ئاماژەی پیکردووە دەکرێت ئەم وەسفەی کیەکەگارد لە تۆمارەکانیدا(Kierkegaard: 1843, 16.08) بدۆزیتەوە. هەروەك چۆن لە تۆمارێکیدا لە وەسفی هیگڵدا نووسیویەتی: "هیگڵ دووربینییەکی قووڵی هەبوو"(Kierkegaard: 1843-193).

کەواتە ڕەتکردنەوەی کیەکەگارد بۆ هیگڵ بەرەنجامی خوێندنەوەی کیەکەگارد خۆی بووە، ڕەتکردنەوەی بۆ هیگڵیزمی دانمارکی بەرەنجامی وەڕسبوونی بووە لە گوتنەوەی بێ مانای قسەکانی هیگڵ لەلایەن هیگڵیستەکان و ڕەتکردنەوەشی بۆ زانکۆ لەبەر بوونی ئەو مامۆستا وشکانە بوون لە زانکۆکەدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا "کیەکەگارد وەك فەیلەسووفێك ڕێزی لە هیگڵ دەگرت"(Bjerre: 2023, 10-4). مەسەلەکە هەر ئەمەندەش نەبوو: بگرە کیەکەگارد لە ئاستانەی گۆڕینی بیروڕا ئایینییەکانیشدا بوو، ئەو زۆر لە پێش نیتشەوە، کە گوتبووی: "مەسیحییەت

مرۆڤەکان دەخەسێنێت"؛ گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەوەی بە ناوی مەسیحییەتەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت وەك هەر دادگایەکی سەرسەختی دیکە مرۆڤەکان لە تاکایەتی بەتاڵ دەکاتەوەو لە دڵەڕاوکێدا جێیان دەهێڵێت.. لە هەر شوێنێك مەسیحییەت سەروکاری لەگەڵ بابەتێکدا هەبێت، لەو شوێنەش سزا و ئێش و ئازار ئامادەن"(Kierkegaard: 1835; 9-28).

یەکێك لەو شوێنانەی کە تیایدا ڕەواج بەمجۆرە مەسیحییەتە فەرمییە دەدرا، هەمان بەشی خوداناسی/لاهووت بوو، کە کیەکەگارد لێی دەخوێند و پاشان کەنیسەکان بوون.

بۆخۆی لە بارەی ئەم قۆناغەوە و وەڕسبوونی لە مامۆستا و وانەکانی، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە نووسیویەتی: "ئەگەر قوتابی بیت، ئەوە دەبێت لەوە دڵنیا بیت کە مامۆستاکانت پێوەر و ڕاستەقینەن! ئەگەر قەشە بیت ئەوە پاپا ڕێگە و ژیانە. ئەگەر نووسەر بیت ئەوە ئەنجومەنی دادوەری ئامانجتە(Kierkegaard: 1850, 12: 98-99). هەر ئەم مامۆستایانەش کە بۆ باوەڕداری و فەلسەفە خۆیان کردبووە پێوەر، سەبارەت بە فەلسەفەی هیگڵیش هەر خۆیان کردبووە دەمڕاست. کیەکەگارد بۆ ئەوەی ئەمانە بێدەنگ بکات، ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە هیگڵ دەگرت و سەرچاوەکەی دەکردە نیشانە.

بەڵام کیەکەگارد ڕەخنەی لە چ شتێکی هزری هیگڵ دەگرت؟ ئایا ئەو لە ڕوانگەیەکی دژە هیگڵیانەوە ڕەخنەی لە هیگڵ دەگرت، یان بۆخۆیشی تا ئەندازەیەك هیگڵی بوو؟ بە مانایەکی دیکە، ئایا ئەو لە پێناوی سڕینەوەی هیگڵدا ڕەخنەی لە هیگڵ دەگرت، یان بۆ گفتوگۆ و ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی هیگڵیستەکان و دەرخستنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ هیگڵ بوو؟ بێگومان بەپێی سەرچاوەکان زانراوە کیەکەگارد سیستەمی فەلسەفی هیگڵ لە زانکۆ دەناسێت و بە توندی دژی دەوەستێتەوە و لای وا بووە، لە فەلسەفەی هیگڵدا، شوێنێک بۆ (تاك) نییە و ئەم فەلسەفەیە شتێکی وەهای بۆ کیەکەگارد تێدا نەبوو(اندرسون: 1385، 18).

ئەو شارەزایانەی لە ناکۆکییەکانی نێوان کیەکەگارد و هیگڵیان کۆڵیوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەند دژوازی و ناکۆکییەك لە نێوان ئەم دوو گەورە بیرمەندەدا، دەکەن. بۆ نموونە لە باسی (گیان/هۆش، ژیر و باوەڕ، دیالێکتیك و هەڵبژاردنی ئەمیان ئەو، مەسەلەی ئازادی و ڕاستەقینەی بابەتی و خودی. تاك و کۆمەڵ و..)، لەو کەسانە پرۆفیسۆر سوزان لی ئەندەرسۆن (1944-2022)، پێشنیار دەکات کە لە چوارچێوەی پێنج خاڵەکەی (هۆش، مێژوو، خود، ئازادی، باوەڕ)دا لە ناکۆکی و دژوازییەکانی نێوان کیەکەگارد و هیگڵ بکۆڵدرێتەوە( اندرسن: 1398، 37-45)·

بەڵام هەر بڕیارێکی پێشوەختە بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی ناکۆکییەکان لە نێوان کیەکەگارد و هیگڵدا، لەو ڕاستییە دوور دەخاتەوە، کە تێڕوانینی ئەوان لە بنەماوە بۆ فەلسەفە و زانست، یان باوەڕ کیشەی سەرەکی نێوانیانە. کێشەیەك، کە دەکرێت بە ناکۆکی ئەوان لە تێڕوانینیاندا بۆ هەردوو چەمکی فەلسەفە/ژیر و باوەڕ ئاماژەی پێبکرێت. بۆیە ئەمە هەر ئەو کێشە سەرەکییەی نێوانیانە و هەوڵدەدەین لەبارەی ئەم کێشەیەوە بدوێین بەبێ ئەوەی ناکۆکی و دژوازییەکانی دیکەش لەبیر بکەین.

کیەکەگارد لە دەرەوەی هیگڵ، ڕوانگەیەکی تایبەت لەسەر بیرکردنەوەی هیگڵ دەخاتە ڕوو، کە بەدووریش نییە لە گشتگیری و بڕیاری پێشوەختە، بەڵام پاشتر ئەو بۆچوونانەی بەڵگەدارتر دەکات و فاکتیان بۆ دەهێنێتەوە. بۆیە سەرەتا کیەکەگارد لەبارەی هیگڵەوە دەنووسێت:

**"بۆ زۆربەی سیستەمسازەکان بەسەرهاتەکە بەو جۆرەیە کە کابرایەك قەڵایەك دروستدەکات و کەچی بۆخۆی لە کەلاوەیەکدا دەژی. خۆی لەو بینا زەبەلاحەدا ناژی کە دروستیکردووە. بەڵام لە پەیوەندیی بە گیانەوە ئەمە نارەزایەتییەکی یەکلاکەرەوەیە. بە تێگەیشتنی گیانی پێویستە هزری مرۆڤ ئەو بینایە بێت کە خۆی تیایدا دەژی، دەنا هەڵەیەك ڕوویداوە"** (Kierkegaard: 1846-18-303).

بەمجۆرەش، کیەکەگارد دیسانەوە جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان هزر و ژیان دەکاتەوە، هزرێك کە بتوانێت ڕەنگدانەوەی ژیان و پەیەیری ژیان و بوون بێت، پێویستە لەناو ژیان خۆیەوە هەڵقوڵابێت. ئەوە ئیشی هزر نییە، بە تەنیا قەڵای گەورە بە ناوی سیستەم، فەلسەفە و زانستەوە دروستبکات، ئەگەر نەتوانێت لەو ژیانەشەوە نموونەیان بۆ بهێنێتەوە. بۆ کیەکەگارد گەیشتن بە ڕاستیی لە ژیاندا شتێك نییە پێشتر ئامادەکرابێت و هۆ لەوێدا چاوەڕێمان بکات. هیچ دڵنیاییەك لە ژیاندا نییە و ئەوەی کە هەیە نادڵنیاییە. بۆیە کیەکەگارد لە ڕەخنەیدا لە میتۆدی ڕەهای هیگڵی دەنووسێت: **"تەنانەت ئەگەر هەموو هیگڵیان وەك خۆی پەسەند بێت، ئەوە هێشتا پرسیارێکی سەرەتایی هەیە، کە ئەو وەڵامی نەداتەوە: مانای چییە کە دەڵێت توێژینەوە لە مێژووی جیهان نزیکخستنەوەیەکە.. خودی ئەو گوتویەتی و زۆریش گوتراوە، کە دەستکەوتی ئەو بریتییە لە میتۆدەکەی، وەلێ هەرگیز نەگوتراوە ئەم میتۆدە چ پەیوەندیی بە ڕوانگە هزرییەکەوە هەیە؛ مەگەر ئەوەی لێرەشدا پێویستمان بە بازدان (چاوپۆشینێك) هەبێت. لەبارەی میتۆد و دەستپێکردنی هەردەم بە سادەیی دەگوترێت: دەبێت لێوەی و بەهۆیەوە دەستبکرێت بە کارکردن. بەڵام ئەگەر سەرەتایەکی لەو شێوەیە هاندەر نەبێت، ئەوا دەبێ وردبوونەوەیەکی پێشوو بێت و ڕێك لەو وردبوونەوەیەشدایە پرسیارە سەرەتاییەکە خۆی شاردۆتەوە"**( Kierkegaard: 1846, 7, 139). پرسیارە سەرەتاییەکەش ئەوەیە ئاخۆ میتۆد پەیوەندیی بە بابەتەکەوە چییە، ئاخۆ هاندەر و ئەنگیزەی توێژینەوە و هزرینە، یان شتێکی جیاواز و نامۆیە بە بەباتی توێژینەوەکەمان.

ئەم قسانەی کیەکەگارد شتێکی دیکەشیان لێدەخوێندرێتەوە: ئەو دەیەوێت مەسەلەی میتۆد لەلای هیگڵ بەوجۆرە وێنا بکات، وەکئەوەی گەمەیەکی ڕۆشنبیرانە و تەکنیکی بێت بۆ ڕازاندنەوەی توێژینەوەکانی و ڕەوایەتیپێدانیان. ئەو پێشتر نووسیبووی هیگڵ لە وەستایەك دەچێت، قەڵای گەورە بینا دەکات کەچی بۆخۆی تێیاندا ناژی. بە هەمان شێوەش دەیەوێت پێمان بڵێت: هیگڵ میتۆدی کردووە بە داهێنان و دەستکەوتێکی خۆی، بەڵام پەیوەندیی بە خودی بابەتەکانییەوە نییە، مەگەر ئەوەی لەبەر هیگڵبوونەکەی چاوپۆشی لێبکەین.

زانستی سرووشتیش بۆ کیەکەگارد شتێکی ڕەتکراوە بوو، چونکە زانستگەلێکن بە پشتبەستن بە چەمکی ژیر (ئاوەز) بە بنەمای ئەزموون و تاقیکردنەوەوە بەندن و ناتوانن لەبارەی ڕاستەقینەی بوونەوە شتێکمان پێ بڵێن. بۆیە یەکەم کێشەی کیەکەگارد لەگەڵ هیگڵ لەوێوە دەستپێدەکات، کە هیگڵ پێی وایە فەلسەفە پێویستە وەك زانست بێت و لە فینۆمینۆلۆژیای هۆش دا دەنووسێت: **"سیستەمی زانستی تەنیا شێوازێکی دروستە، کە ڕاستیی تیادایە. (بەشداریکردن لە) نزیککردنەوەی فەلسەفە لە شێوازی زانستیانە، بەو مەبەستەی سەرباسی "خۆشەویستی بۆ زانین" و زانینی ڕاستەقینە بخەینە لاوە، ئەوەیە کارەکەم بۆ تەرخان کردووە. ئەو پێویستییە ناوەکییەی زانین بە (زانست)ەوە گرێ دەدات، لە سروشتی فەلسەفەدایە و لە ڕێگەی توێژینەوەی سیستەماتیکی بۆ فەلسەفە مسۆگەر دەکرێت(هیگڵ: 2016، 53ز پ: 5)**

ئەمجۆرە خستنەڕووە ڕەهایەی زانست و ئەقڵ بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینە، (بەبێ ئەوەی بەرگریی لە فەلسەفە بکات)، سنوورەکانی زانست و ئەقڵ ناهێنێتە پێشچاو (اندرسن: 1398، 39). وەکئەوەی ئەقڵ لە ڕێگەی زانستەوە، بتوانێت بێسنوور و بێ بڕانەوە لە بوون و هەر شتێك تێبگات. ئەم تێگەیشتن و جەختکردنەوەیە لە ئەقڵی بابەتی، ئەقڵێك لە هەموو شتێك تێدەگات؛ هەمیشە بەشێك بووە لە خستنەڕووی هزری فەلسەفیی خۆرئاوا و لەسەر دەستی هیگڵیش گەیشتۆتە لوتکەی خۆی.

ئەم پیرۆزی بەخشینە بە ئەقڵ و لەوێشەوە بە زانست، ئەگەر بڕیاربێت فەلسەفەش بچێتە سەر ڕێچکەی زانست، بە لای کیەکەگاردەوە پێوستە ڕەتبکرێتەوە. چونکە لەم تێگەیشتنەدا ژیانی سرووشتیانە و بوونخوازانەی مرۆڤ لەبەرچاو نەگیراوە و بگرە مرۆڤ خراوەتە خزمەتی ئەقڵ و بابەتگەرایی دنیای دەرەوەی مرۆڤ خۆی. لیرەدا پەرەگرافێکی درێژ دەهێنمەوە:

**"ئەوەی بە ڕاستی نیازم ئەوەیە دڵنیا بمەوە پێویستە چیی بکەم، نەك ئەوەی چی بزانم، تەنیا مەگەر لەو ڕووەوە، کە پێش هەر کارێك پێویستە هەندێك شت بزانین*. بابەتەکە ئەوەیە لە چارەنووسی خۆم تێبگەم و بزانم[1] ئاخۆ خودا چی لە من دەوێت تاکو بیکەم؛ گرنگترین کار دۆزینەوەی ڕاستەقینەیەکە، کە بۆ من ڕاستەقینە بێت، پێویستە عەودالی مانا و هزرێکدا دڵم گەرەکییەتی بۆ ئەوە بژیم و بمرم.. چ سوودێکی هەیە بتوانم تیۆرییەك لەبارەی دەوڵەتەوە دابڕێژم و هەموو بەشە کۆکراوەکان لە گشتێکدا پیکەوەبنێم و جیهانیکی دروستبکەم، کە خۆم نیشتەجێی نەبم، بەڵکو تەنیا دەبێت وەك نومایشێك بۆ ئەوانیتری بخەمە ڕوو.. بە هیچ شێوەیەك کاری واناکەم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیی بە دانایی ڕەتناکەمەوە، ئەوە ڕەتناکەمەوە مرۆڤ دەچێتە ژێر کاریگەریی داناییشەوە، وەلێ دەبێت ئەو کاتە دانایی بەشێوەیەکی زیندوو تێکەڵ بە ژیانی من ببێت و ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێستە وەك کرۆکی بابەتەکە دەیخەمە ڕوو.. لە جێگەی ئەوە بکەومە دۆزینەوەی ئەو شتەی لەگەڵ قووڵترین ڕەگوڕیشەی ژیان و بوونی من تێکەڵ بووە و بەهۆیەوە تا بەرزی خوداوەند شانازی پێوە بکەم و تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش لەدەست بدەم، بە هەموو بوونمەوە پێوەی شەتەك بم و دەستی لێبەرنەدەم.**

**ئەمە ئەو شتەیە من پێویستیم پێیەتی و ئەمەیە ئەو شتەی بە گیانی خۆم خەباتی بۆ دەکەم. ئەوەی گرنگە ئەو بەشەی بوونی ناخەکی مرۆڤە، ئەو بەشە ڕەبانییەی بوونی مرۆڤە، نەك لێشاوێك لە زانیاری و زانین.."** (Kierkegaard: 1835, 17-24, 17.30).

کیەکەگارد لەم پەرەگرافەشدا جەخت لەسەر کردەییبوونی فەلسەفە و هزرین دەکاتەوە، ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان هزرین و ژیانکردنە و لە سەرەتای ئەم تێزەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ: چی بکەم بۆ ئەو گرنگە نەك چی بزانم. واتە ڕەهەندی لیکدانەوەی پێشوەختی جیهان بۆ ئەو گرنگ نییە، لە مێژوودا چی ڕوویداوە و چیمان لەبارەوە زانیوە، گرنگ نییە؛ هێندەی ئەوەی ڕەهەندی هەنووکەیی تیگەیشتن لە جیهان گرنگە. کیەکەگارد هزرڤانێکی هەنووکەیی و ئێستاییە. نایەوێت مرۆڤ بکاتە بارمتەی ڕابردوو و مێژووی بەسەرەوە بکاتە بار و بە بەرهەمی مێژووی بزانێت وەك هیگڵ جەختی لەسەر دەکاتەوە(هگل: 1345، 1: 31-174).

بۆ کیەکەگارد، مەسەلەکە ئەوە نەبوو مرۆڤ بە ڕابردووەوە پابەند بکرێت، چونکە ئەو کارە مرۆڤ لە دۆخی ئێستادا ڕادەگرێت و ناتوانێت لەبەر پابەندبوونەکەی بە ڕابردووەوە لە هەنووکەدا هیچ بژاردەیەکی دیکە هەڵبژێرێت. کیەکەگارد ناڵێت ڕابردوو هیچ پێویست نییە، چونکە لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤ بە ئاوڕدانەوەی لە ڕابردوو لە ژیانی خۆی تێدەگات، وەلێ ئەو بەوەوە ناوەستێت و دەڵێت پێویستە مرۆڤ ڕووە و داهاتوو بژی:

**"ئەوە تەواو ڕاستە کە فەلسەفە دەڵێت، پێویستە بەگەڕانەوە بۆ دواوە لە ژیان تێبگەین. بەڵام وێڕای ئەوەش، مرۆڤ ڕستەی دووەم لەبیر دەکات، کە دەڵێت پێویستە ڕووە و داهاتوو بژین. ئەمە ئەو ڕستەیەیە کە هەرچەندی لەبارەیەوە بیر بکەینەوە، دەگەینە ئەو هەڵکەوتە ڕاستەقینەیەی کە ژیانی کاتیانە و (مێژوویانە) شیاوی تێگەیشتن نییە. ئەمەش بەو هۆیەوە، کە هیچ ساتێك ناتوانم بە گەڕانەوە بۆ دواوە ئارامییەکی تەواو بەدەست بهێنم و لە ئاستیدا هەڵوێستم هەبێت"** (Kierkegaard: 1843, 18-194).

کیەکەگارد بەمجۆرە ئەو حوکمەی هیگڵ ڕەتدەکاتەوە، کە لە دەرسگوتارەکانی مێژووی فەلسەفەدا گوتوویەتی: "بوونی ئێمە هاوکات مێژووییانەیە"، یان: ئەوەی لە فەلسەفەی مافدا نووسیویەتی "مێژووی جیهان دادوەری جیهانە(اینوود: 1387، 251-252)، یان "حەشر"ی جیهانە. ئەم ڕستانە بۆ کیەکەگارد هیچ بوارێك بۆ مرۆڤ لەم ئێستایەدا ناهێڵنەوە تاکو لە میانەی هەڵبژاردنەکانییەوە ئازادیی خۆی بژی. ئەگەر مێژووی جیهان دادوەری جیهان بێت، چی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دێت و مرۆڤ بە چالاکیی و کار و بڕیارەکانی خۆی دروستی دەکات؟ ئەگەر ئێمە لەناو ئەو مێژووەدا حەشر بکرێین کە تێمانپەڕاندووە، چۆن بتوانین ئازادیی خۆمان بەدەست بهێنینەوە؟ کیەکەگارد لەوبڕوایەدایە ئەم ڕوانگەیە هیچ مانایەك بۆ ئازادی ناهێڵێتەوە.

مرۆڤ دەتوانێت زۆر شت بزانێت و هیچی پێنەکرێت. پاشا و دەسەڵاتدارەکان لە هەنگامەی دارمانیاندا زۆرشت دەزانن و جگە لە هەڵاتن هیچیان پێناکرێت. ناخودای گومڕا زۆرشت دەزانێت، بەڵام لە کاتی گەرداودا کە شەپۆلەکان لە قەیی کەشتییەکەی دەدەن؛ چی دەکات گرنگە، نەك چی دەزانێت. کاپتنی فڕۆکە لە کاتی ئاگرکەوتنەوە لە فڕۆکەکەیدا چ بڕیارێك دەدات بۆ هەرچی زووتر نیشتنەوە گرنگە، نەك ئەوەی چی لە تاقیگەی فڕۆکەوانی فێربووە. مامان لەبارەی منداڵبوونەوە زۆر شت دەزانێت و ئەزموونێکی زۆری کەڵەکە کردووە، بەڵام لەم کاتەدا کە وا خەریکە منداڵێك لە دایك ببێت، چی دەکات بۆ ئەوەی گیانی دایك و کۆرپە پارێزراوبن.

بە گەڕانەوە بۆ هزرینەکانی کیەکەگارد، ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە پێویستە لەپێناویدا بژین و بمرین. "بۆ ئەوەی بزانم خوداوەند بە تایبەتی دەیەوێت چی بکەم؛ کە ئەوەش پەیوەندی بە دۆزینەوەی ڕاستییەکەوەیە، کە بۆ من ڕاستییە، دۆزینەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەمەوێت بۆی بژیم و بمرم"(Kierkegaard: 1835, 12: AA).

ئەمە ئەو شتەیە کە لە خودی ژیانی خۆمانەوە هەڵقووڵاوە و پێوەی شەتەك دراوین. بۆیە بیرکردنەوە، یان فەلسەفە وەك شێوازێکی بیرکردنەوە سوودەکەی لەوەدایە، کە ڕێگری لە باوەڕداری نەکات. ئەگەر کردیشی پێویستە تاکەمرۆڤ بەبێ بیرکردنەوە بەرەو باوەڕداری بڕوات و چارەنووسی خۆی بدۆزێتەوە. لێگەڕێین مرۆڤەکان ئەوەی باوەڕیان پێیەتی بۆی بژین و قوربانی لە پێناودا بدەن، ئەوە باوەڕی ئەوانە. ئازادیی باوەڕی مرۆڤ دەستنیشان و دەستەبەر دەکات، نەك شتێکی دیکە.

شۆڕشی گەورەی کیەکەگارد لەو ڕوانگە کراوەیەیدایە کە ئازادی دەبەستێت بە بوونی مرۆییەوە و پێی وایە هیچ شتێك لە ژیانی ئێمەدا لە پێشەوە بڕیارلەسەردراو نییە:

[1] لێرەدا مەبەستی کیەکەگارد دانایییە، واتە زانینی بێ نێوان، زانینێکی شهوودی و ناخەکی بەبێ گەڕانەوە بۆ دنیای ماتەریاڵی.

**"هەموو شتێک نە بە بایۆلۆجی و جینەکان و نە بە میراتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا پێشوەختە دیاری نەکراوە. ئازادی تایبەتمەندی مرۆڤە، چونکە ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەیە بە شێوەیەکی ئازاد پەیوەندیمان بە هەموو شتێکەوە هەبێت کە بە پێویست هی ئێمەیە**"(Søltoft: 2023, 6-2). کیەکەگارد لەم ناچاربوونەی مرۆڤ بە ئازادی ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم بوونی ئێمەدا دەکاتەوە و لە بوونێکی چارەنووس سەنتەرەوە دەیکاتە بوونێکی ئازادانە.

ئێمە وەکچۆن سنووردارین لە دنیای مادییات و جەستەیی خۆماندا، ئاواش بێ بڕانەوە ئەگەری ژیان و ئەزموون و بوونی دیکەمان لە بەردەمدایە. خۆ شەتەکدان و سووربوون و مکووڕ بوون بە یەك بیروباوەڕەوە، وەکئەوەی هەڵگری هەموو ڕاستییەك بێت، ڕێگرە لەبەردەم بێکۆتا شێوە بیروباوەڕی دیکە دەکرێت تاقییان بکەینەوە. لە نێوان ئەوەی بەناوی فەلسەفەوە ژیان سنووردار بکەین، یان بە ناوی ئایین، و ئایدیۆلۆژیا و زانستەوە، ژیان سنوورار بکەین هیچ جیاوازییەك نییە.

هەڵبەتە کیەکەگارد زانست و زانیاری و ئەزموون ڕەتناکاتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر کردەییبوونی هزر دەکاتەوە لە دەمەی ڕووداوەکاندا بۆ ئەوەی مانا بە بوون و ژیانی خۆی ببەخشێت. ئەو دەنووسێت: "**فەیلەسووفەکان، لەوانەش هیگڵ و ئەوانیتریش، وەك زۆربەی خەڵکانی دیکە لە ژیانی ڕۆژانە و بوونی خۆیاندا پۆلینکاری دیکەی جیاواز بەکار دەهێنن، لەوەی خۆیان بیری تێدا دەکەنەوە و بە دەنگی بەرز دەیڵێن. هەموو درۆی زانستیش ئاڵێرەوەیە**(Kierkegaard: 1846, 488).

بەمجۆرەش، مانای ڕاستەقینەی ژیان و بوون لەوێوە بەدەست دێت، کە لە پێناوی شتێکدا بژی و بمریت، نەك لە پێناوی پەیڕەویکردن لە چەمکەکانی ژیر و بابەتیبووندا. مرۆڤ پێویستە جۆش و خرۆشێکی بۆ ژیان هەبێت، نەك هەر بەدوای فەلسەفەیەکی ژیرەکیی و بابەتییەوە بێت(اندرسن: 1398. 39-40)، نەك لە دوورەوە وێنای ژیان و بوون بکات. کەواتە وەڵامی کۆتایی کیەکەگارد بۆ هێگڵ ئەوەیە "**فەلسەفە ئەوە نییە خۆی لەگەڵ زانست بگونجێنێت و ببێتە زانستیکی پۆزەتیڤیستانە، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوە لە فەلسەفە دەکرێت، پێمان بڵێت دەبێت چۆن بژین و بۆچی دەبێت گومان لە هەموو شتێك بکەین**" (Kierkegaard: 1842, 15-27).

کیەکەگارد دەیەوێت بەم ڕوانگانە فەلسەفەی هیگڵ وەك وێناکردنێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی واقیع بخاتە ڕوو، کە فەیلەسووفەکە خۆی لە دەرەوەی ئەم واقیعەیە. "کیەکەگارد باوەڕ دەکاتە سەرەڕمب: شتێکی بێمانایە، پارادۆکسێکە، نادڵنیاییەکی تەواوەتییە، بەڵام لە ناخی مرۆڤەکاندا هەیە و پێویستە فەلسەفە لەمە تێبگات. لە کاتێکدا چاوەڕوانیی کیەکەگارد ئەوەیە، کە فەیلەسووف لەگەڵ واقیع بکەوێتە ململانێوە و لەناوەوەی واقیعەوە سەر دەربهێنێت، نەك لە دوورەوە وێنای بکات. کیەکەگارد جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە مرۆڤ لە ناوەوەی و ناخ و خۆیدا شتیکی هەبێت لە پێناویدا بهژێت. چونکە دواجار مرۆڤ بریتییە لە تاکەکەسیك، کە لە واقیع و ژیانیکی تایبەتدا دەژی و بە هەڵبژاردنی خودی خۆی دەتوانێت مرۆڤبوونی خۆی بهێنێتە دی. بەمجۆرەش خودبوون دەبێتە پێشمەرجی مرۆڤبوون. خود بوون زاڵبوونە بەسەر خۆپەرستیدا و تەنیا لە ڕێگەی خودبوونەوە خۆپەرستی هەڵدەگێڕێردرێتەوە بۆ ئەویتر ویستی.

بەمجۆرەش بەلای کیەکەگاردەوە، باوەڕ نە بزووتنەوەیەکی جوانیناسییە و نە نۆرمێکی ئاکارییە؛ بێمانایی و پارادۆکسی بوونە. هیچ بیرکردنەوەیەک ناتوانێت دەست بەسەر باوەڕدا بگرێت"(Stefánsson: 2023, 24) "**چونکە باوەڕ لەو شوێنەوە دەست پێدەکات، کە بیرکردنەوە دەوەستێت**"(Kierkegaard: 1843, 147).

ئابەم شێوەیە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کیەکەگارد و هیگڵدا سەبارەت بە باوەڕ و ژیر، لەگەڵیشدا فەلسەفە و زانست. هەڵوێستی هیگڵ لە ڕوانگەی کیەکەگاردەوە کەمێك دوورە واقیعییانەیە و وەك کیەکەگارد دەنووسێت، هیگڵ لەو بڕوایەدایە بە یارمەتی بیرکردنەوە لە بوون بە گشتی تێبگات: "بەلای هیگڵەوە پەرەسەندن بریتییە لە پەرەسەندنی گیان (ژیر Geist) لە چوارچێوەی بیرۆکە و چەمك و ئایدیادا. ئەم پەرەسەندنە لە ئایینی مەسیحیدا گەیشتۆتە لوتکە"(عەزیز: 2012، 160).

بەپێی سەرچاوەکان: هیگڵ لەم تێگەیشتنەدا دەیەوێت لە ڕێگەی هزرینەوە دەست بەسەر واقیعدا بگرێت. هەروەها باوەڕی ئایینیش وەك ڕوونکردنەوەیەکی دیکە لەبارەی بوون و جیهانەوە دەخاتە ڕوو. باوەڕ بۆ هیگڵ وەك هاوکۆییەك لە نێوان دانایی و ژیرباوەڕی وایە. بەڵام لە دواجاردا باوەڕیش جۆرێکە لە بیرکردنەوە. وەلێ بۆ کیەکەگارد باوەڕ شیاوی پێناسەکردن نییە و سنووردداریش نییە. داناییەکی کەڵەکەکراو نییە لێوەی فێربین. بەڵکو دۆخێکە پێویستە هەرکەسێك کە دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بناسێت، ئەزموونی دەکات بەبێ گەڕانەوەی بۆ بابەتێکی دیاریکراو یان بۆ پرانسیپێکی دیاریکراو. بەم پێیەش باوەڕ بۆ کیەکەگارد تەنیا یەك ئەرکی لە سەرە: دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ خودە بێکۆتاکەی نێو ناخی مرۆڤ خۆی، واتە خودا.

بۆیە کیەکەگارد فەلسەفەی هیگڵ بە جۆرێ لە سەرلێشواندنی تاکەکەس لە قەڵەم دەدات: "**ئەوە هیچ باوەڕپێکراو نییە، کە فەلسەفەی هیگڵ چ سەرلێشێوانێکی لە ژیانی تایبەتیدا هێناوەتە پێش. هەردەم شتێك لە هیگڵ بزر بووە، ئەویش ئەوەیە کە ژیانکردن چی بوو، ئەو تەنیا دەزانێت چۆن ژیان بەرهەم بهێنێتەوە**" (Kierkegaard: 1846, 20-44). کیەکەگارد ترسی ئەوەی هەبوو لە ژیانی نوێی کۆمەڵگەکەیدا، هیچ شوێنێك بۆ باوەڕ و خودا نامێنێتەوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ بەدوای شوێنێکی نوێدا بۆ خودا بگەڕێت، کە ئەو شوێنەش لە ناخی تاکەکەس خۆی بەولاوە نییە.

بە لای کیەکەگاردەوە هەر شتێك خۆی نەبوو، ڕاستەقینەشی نییە. بۆیە کاتێك خەباتی کیەکەگارد بە تاکگەرایی و بوونە خود دەهێنینە پێشچاو، نابێت هەمیشە لێکدانەوەیەکی وای بۆ بکرێ، کە بوونە خود و بوونە تاك دۆزەخێکە، چونکە لەو بوونە خود و تاکبوونەدایە کە ئەو خودا دەناسێت. خوداش بەختەوەرییە. بۆیە ناکرێت خوێندنەوەیەکی نامرۆیی بۆ بوونی تاکەکەس و بوونی خود بکەین، ئەگەر ئەو خود و تاکبوونە لە چوارچێوەی مرۆڤبوونی تاکەکەس و خود دا نەبێت. وەك چۆن سپینۆزا بڕوای وابوو نابێت مرۆڤ لە خودا بترسێت و لەناو کڵێسەدا بۆی بگەڕێت، ئاواش کیەکەگارد سپێنۆزاییانە خودا وەك جەوهەری بەختەوەری دەهێنێتە ناو خود و تاکایەتییەوە.

بەمجۆرەش، کیەکەگارد هەڵوێستی خۆی لە ئاست سیستەمی بیرکردنەوەی هیگڵدا دەخاتە ڕوو، لە هەندێك شوێن زۆر توند و گاڵتەجاڕانە و لە هەندێ شوێنی دیکەش بەو پەڕی پێزانینەوە. ئەوەی کیەکەگارد دانوستانی لەسەر ناکات، ئەوەیە، کە نابێت چارەنووسی بوون و باوەڕ، بدرێتە دەست ئەقڵ و زانست و تێگەیشتنێکی سیستەمیانە.

## ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە گەیاندینی بە چەند ئەنجامێک :

1. کیەکەگاردی فەیلەسووفی دانمارکی، ئاشنایەتییەکی وردی لە بەرهەمەکانی هیگڵ هەبووە. گرنگیی و پێگەی بەرزی بۆ قاییل بووە و زۆریشی لێوە فێر بووە. بەڵام لە هیگڵیستە دانمارکییەکان پەست بووە و لە ئەنجامدا کەوتۆتە ڕەخنەگرتن لێیان و بەمجۆرەش بۆتە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی هیگڵ خۆی.
2. ئەو توێژەرە ئەورووپاییانەی زمانی دانیمارکی نازانن و تەنیا لە ڕووی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی کیەکەگاردەوە توێژینەوەیان لەبارەیەوە کردووە، لەوەدا بەهەڵەدا چوون کە نووسیویانە کیەکەگارد هیگڵی نەخوێندۆتەوە.
3. توێژینەوەکە ئەوە دەسەلمێنێت، کیەکەگارد پەیوەندییەکی جوت جەمسەری بە هیگڵەوە هەیە، لەلایەکەوە بەرز دەینرخێنێت و بە مامۆستایەکی گەورەی دەزانێت، کە زۆری لێوە فێر بووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە بە وردی هەندێك لە تێزەکانی هیگڵ ڕەخنە دەکات و کێشەکانیان دەستنیشان دەکات.
4. کیەکەگارد لە مەسەلەی ڕاستەقینە و زانستباوەڕییدا تەواو لە هیگڵ جیا دەبێتەوەو بە درێژایی تەمەنی هزریی خۆی بەڵگەی هێناوەتەوە کە تاکەکەس، یان خود هەڵگری ڕاستەقینەی خۆیەتی. ئەوە مرۆڤی تاکەکەسە لەم ژیانەدا دەژی و بیرۆکەی مرۆڤ نییە کە دەبێت فەلسەفە خۆی بۆ تەرخان بکات. هیچ پێوەرێکی بابەتی، یان ڕاستەقینەیەکی بابەتی نییە، بتوانرێت بەسەر گشت مرۆڤەکاندا بسەپێنرێت.
5. زانست بۆ کیەکەگارد نەك هەر ناتوانێت بە ڕاستەقینەمان بگەیەنێت، بەڵکو ناتوانێت لە بوونیش تێبگات. بۆیە ئەو تێزەی هیگڵ لە کتێبی دیاردەناسیی ڕۆحدا، کە گوتوویەتی: پێویستە فەلسەفە لەسەر بنەمای زانست خۆی ڕاستبکاتەوە، لەلای کیەکەگارد ڕەتکراوەیە، چونکە زانست پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبەستێت و زۆر شت لە ژیان و بووندا هەن، تاقی ناکرێنەوەو پێوەرێك نییە بۆ ڕاستەقینەی بوون و نەبوونیان. کەواتە زانست ناتوانێت پەی بەو دیاردە و دۆخانە ببات کە دەکەونە ئەودیو تاقیکردنەوەوە.
6. بۆ ئێمەی کورد گرنگە تێکەڵ بەم جۆرە مشتومڕانە ببین کە فەیلەسووفانی ئەورووپایی لە نێوان خۆیاندا کردوویانن و سوودێکی زۆریان هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر یەك تێگەیشتن و ڕوانگەوە ڕوانگەی خۆمان لەسەر بابەتێك هەڵنەچنین. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئەرکی فەلسەفە و بیرکردنەوە ئەوە نییە مرۆڤ خۆی لە ژیان دابڕ بکات و پێوستە ناوەڕۆکی فەلسەفە خزمەتکردن بێت بە ژیان و بوون.
7. ئەم باسە دەکرێت سەرەتایەك بێت بۆ ڕەخنەگرتن لەو ڕەوتە زانستییە پۆزەتیڤیستییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوەو هیچ پێگەیەکی بۆ ڕاستییە خودییەکان دانەناوە و هەموو شتێکی لە توێژەران قەدەغەکردووە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستەقینەی شتەکاندا لە بواری خودیی و ناوەکییدا. باسەکە لەسەر زمانی کیەکەگاردەوە ئاماژەیە بەوەی پێویستە لە بواری ژیانی تایبەت و خودیشدا بۆ ڕاستییەکان بگەڕێین.
8. پەیوەندیی کیەکەگارد و هیگڵ لە هەمان کاتدا کێشەکانی نێوان زانست و فەلسەفە، یان ژیان و تیۆری دەهێننە پێشەوە. بۆیە بۆ ئەو توێژەرانەی دەیانەوێت لەو کێشانە تێبگەن، ناسینی زیاتری هیگڵ و کیەکەگارد گرنگە و ئەمانەش دوو فەیلەسووفی گرنگی سەدەی نۆزدەهەمن، کە خۆشبەختانە بەشێکی باش لە بەرهەمەکانی هیگڵ کراونەتە کوردی و سەرەتایەکی باشیش بۆ تێگەیشتن لەبارەی کیەکەگاردەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەوەش ئاسانکاری دەکات بۆ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی هەر یەکێك لەو چەمکانەی ئەم دوو فەیلەسووفەیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە و هەتا ئێستەش گرنگیی و کاراییی خۆیانیان بۆ ژیانی ئێمە پاراستووە، وەك کێشەی باوەڕ و ئەقڵ، یان زانست و فەلسەفە بەبێ ئەوەی لەم بوارەدا پێویست بێت پەنا بۆ ئایدیۆلۆژیا و توندڕەوی ببرێت.
9. هیگڵ بە شێوەیەکی ڕەها بە زانست هەڵدەڵێ و کیەکەگارد ڕەخنە لە سنووری دانایی زانستی دەگرێت. بۆ هیگڵ دەبێت فەلسەفە بچێتە سەر ڕێچکەی زانست تا لە ڕاستی تێبگات، بەڵام کیەکەگارد دەڵێت زانست سنووری خۆی هەیە لە تێگەیشتندا. بەمجۆرەش بۆ تێگەیشتن لە هێز و سنوورەکانی زانست پێویستمان بە گەڕانەوە گفتوگۆ فەلسەفییانە هەیە کە ئەم بابەتەیان تاووتوێ کردووە.
10. سنوورەکانی تێگەیشتنی زانستی کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لە ڕاستەقینەی زانستیش هەیە. بۆیە پێویستە لە بواری توێژینەوەی زانستیانەی ئێمەدا چ زانست و چ فەلسەفە بە هەند بگیرێن.
11. دۆگمخوازی و ڕەهایی چ لە زانست و چ لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکەدا، ڕەتکراوەیە و دەبێتە هۆی برەودان بە توندڕەوی. توندڕەویش لە دەرەوەی زانست و فەلسەفە و ڕاستەقینەوەیە.
12. کەواتە کیەکەگارد لە دوا دەرئەنجامدا، هەرچەندەش فەیلەسووفێکی باوەڕدارە، بەڵام بۆ ئەو ڕاستەقینەی باوەڕ لە دەرەوەی ڕەهاییگەری، ئایدیۆلۆژیا و زانست و فەلسەفەوەیە. ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە باوەڕداری هەمیشە نامانگەیەنێت بە ڕەهایگەری و توندڕەوی و جۆرێك لە جۆرەکانی فەندەمانتالێزم. کیەکەگارد دەیەوێت هیگڵ لە هەر جۆرە ڕەهاییگەرییەك ڕزگار بکات و هیگڵیانە لە دژی هیگڵ دەوەستێتەوە.

Salahaddin University-Erbil   Colege of Fine Arts   Department of Philosophy

## Kierkegaard as a critic of Hegel
## (A critical analysis study)

Ribwar Hama Amin Hassan
Rebwarsiwayli@yahoo.com

Prof. Dr. Hamid Aziz Saeed
dr.hameed.aziz@gmail.com

**Research Abstract:**

Returning to the main source in the writings of the Danish philosopher Søren Kierkegaard (1813-1855), this study focuses on the relationship and intellectual conflict between Kierkegaard and Hegel (1770-1831) over the concepts of reality, subjectivity, and objectivity. Kierkegaard first resorts to the Hegelian Danes in his criticism and then moves directly to the writings of Hegel himself. It reveals the gap created by Objectivism in Hegel's philosophy, which Kierkegaard tries to fill by returning to the subject. Kierkegaard insists that the real is subjective rather than objective, which contradicts Hegel's view that the real is always subjective and that if philosophy wants to do something, it must follow the path of science. Kierkegaard differs with Hegel in this regard, as he wrote that science depends on objectivity, observation, and experimentation, and that there are many things in this existence and life that are not subject to experimentation and observation. One of them is human faith, which cannot be easily defined. The study focuses on this conflict between Hegel and Kierkegaard. We relied on the method of comparison and philosophical criticism to address this problem and came to the conclusion that Kierkegaard applied philosophy in a practical way to understand human existence, which allowed him to question Hegel's system of thought. Hence, the science, on which Hegel relied, Kierkegaard criticizes because he cannot understand the reality of certain situations in human life because it does not contain a criterion for evaluating their truth and error, such as faith, love, feelings, emotions and states of reality.

**Keywords**: **Kierkegaard, Hegel, philosophical criticism, subjectivity, objectivity, existence.**

## سورين كيركيغارد كناقد لهيجل
## (دراسة تحليلية ونقدية)

**ا. مساعد ريبوار حمه أمين حسن**
Rebwarsiwayli@yahoo.com

**أ. الدكتور حميد عزيز سعيد**
Dr.hameed.aziz@gmail.com

**ملخص البحث:**

بالعودة إلى المصدر الرئيسي في كتابات الفيلسوف الدنماركي سورين كيركيغارد (1813-1855)، تركز هذه الدراسة على العلاقة والصراع الفكري بين كيركيغارد وهيجل (1770-1831) حول مفاهيم الواقع والذات والموضوعية. يلجأ كيركيغارد أولا إلى الدنماركيين الهيغليين في نقده ثم ينتقل مباشرة إلى كتابات هيغل نفسه. إنه يكشف عن الفجوة التي أوجدتها الموضوعية في فلسفة هيجل، والتي يحاول كيركجارد سدها بالعودة إلى الذات. يصر كيركجارد على أن الواقعي هو الذاتية وليس موضوعيا، وهو ما يتعارض مع وجمة نظر هيجل القائلة بأن الواقعي دائما في الموضوعية وأنه إذا أرادت الفلسفة أن تفعل شيئا ما، فعليها أن تتبع مسار العلم. يختلف كيركيغارد مع هيجل في هذا الصدد، حيث كتب أن العلوم تعتمد على الموضوعية والملاحظة والتجريب، وأن هناك أشياء كثيرة في هذا الوجود والحياة لا تخضع للتجريب والملاحظة. واحد منهم هو الإيمان البشري، والذي لا يمكن تعريفه بسهولة. تركز الدراسة على هذا الصراع بين هيجل وكيركجارد. لقد اعتمدنا على طريقة المقارنة والنقد الفلسفي لمعالجة هذه المشكلة وتوصلنا إلى استنتاج مفاده أن كيركجارد طبق الفلسفة بطريقة عملية لفهم الوجود البشري، مما سمح له بالتشكيك في نظام فكر هيجل. ومن ثم، فإن العلم، الذي اعتمد عليه هيجل، ينتقده كيركجارد لأنه لا يستطيع فهم حقيقة مواقف معينة في الحياة البشرية لأنه لا يحتوي على معيار لتقييم حقيقتها وخطأها، مثل الإيمان والحب و أحاسيس، عواطف و حالات الواقع.

**الكلمات المفتاحية: كيركيغارد، هيجل، النقد الفلسفي، الذاتية، الموضوعية، الوجود.**

**سەرچاوەكان:**

**به كوردی:**

1. جۆرج ولهێلم فردريك هيگڵ: فينۆمينۆلۆجی هۆش. و. د. محەمەد كەماڵ، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2016.
2. د. حەمید عەزیز: فەلسەفە و لاهووت لە سەدەكانی ناوەڕاستدا. سلێمانی، ئەكادیمیای بیر و هووشیاری پێگەیاندنی كادیران، 2012.

**به فارسی:**

3. كلير كارلايل: كيركگور: كيركگور. ت: محمدهادی حاجی بيگلو. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ نخست: 1397.
4. گئورگ ويلهلم فريدريش هگل: تاريخ فلسفه. ت: دكتر زيبا جبلی، 3 جلد. تهران: چاپ اول، جلد اول، 1387.
5. سوزان لی اندرسن: فلسفهء كی يركگور، ت. خشايار ديهيی، تهران: فرهنگ نشر نو با همكاری نشر اسيم، چاپ دوم، 1398

6. مايكل اينوود: فرهنگ فلسفی هگل. ت: حسن مرتضوی، مشهد: نیکا، 1387.
7. لئو راوچ: فلسفة هگل. ت: عبدالعلی دست غیب. چاپ اول، تهران: نشر پرسش.

**به دانماركی:**

**یەكەم: بەرهەمەكانی كیەكەگارد**

8. Søren Kierkegaard (SKS: Journalen DD), 11 aug, 1838.
9. Søren Kierkegaard: (SKS: Om Begrebet Ironi Om Begrebet Ironi med stadigt Hensyn til Socrates, 1841, -
10. Søren Kierkegaard: (SKS: Journaler og Parpirer 1608).
11. Søren Kierkegaard: (SKS 18, 193), 1843.
12. Søren Kierkegaard: (SKS: Journalen, 9. Okt. 1835). Og: Joakim Garff: SAK, 2017.
13. Søren Kierkegaard: (SKS: 12, 98-99), Indøvelse i Christendom, Af ANTI-CLIMACUS Nr. I. II. III. Udgivet af S. Kierkegaard, Kjøbenhavn, Forlagt af Universitetsboghandler C. A. Reitzel, Trykt hos Kgl. Hofbogtrykker Bianco Luno 1850.
14. Søren Kierkegaard: (SKS: 18; 303), Journalen JJ, 490, 1846.
15. Søren Kierkegaard: (SKS: 7, 139), Afsluttende uvidenskabelig Efterskrift, 1846.
16. Søren Kierkegaard: (SKS: Journalen AA,17, 24- 17,30), *Gilleleie d. 1. Aug. 1835*
17. Søren Kierkegaard: (SKS: 18, 194), Journalen JJ, 167, 1843.
18. Søren Kierkegaard: (SKS: Journalen JJ, 488, 1846.
19. Søren Kierkegaard: (SKS: 15, 27), Johannes Climacus, En Fortælling. 1842.
20. Søren Kierkegaard: (SKS: 20, 44), Journalen NB, 42, 1846.

**دووەم: سەرچاوەی دەستی دووو:**

21. Birgit Bertung: Søren Kierkegaards inspiration. København, Forlag 1, dk, 2013.
22. Carl Henrik Koch: Den Danske Idealisme 1800-1880. København: Gyldendal, 2004.
23. Giorg Brandes: Søren Kierkegaard, En Kritisk Fremstilling i Grundrids. København: Gyldendalske Boghandels Forlag (F. Hegel & Søn), 1877.
24. Johannes Sløk: Kierkegaards Univers (En Guide til geniet). København: Lindhardt og Ringhof Forlag A/S, 3. udgave, 3. oplag, 2013.
25. Johannes Sløk: Kierkegaards Univers (En Guide til geniet). København: Lindhardt og Ringhof Forlag A/S, 3. udgave, 3. oplag, 2013-
26. Søren Kierkegaard: (SKS: 18, 203), Begrebet Angest,1844.
27. Georg Brandes: Søren Kierkegaard, En Kritisk Fremstilling i Grundrids, 1877.
28. Søren Kierkegaard: (SKS: *Tekstredegørelse),* Begrebet Angest, 1844.
29. Klausen, Søren Harnow; Ziegler, Magnus Møller: *hegelianisme* i *Den Store Danske* på lex.dk. Hentet 19. maj 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/hegelianisme.
30. Fr. Helweg: Hegelianismen i Danmark.Hentet 19, maj 2023 fra https://tidsskrift.dk/kierkegaardiana/article/view/31564/29012
31. Johannes Sløk: Livets Elendighed (Kierkegaard og Schopenhauer. København, 1997.
32. Nevio Cristante: Nietzsche's historical confrontation with Hegel: 'The end of history'?, H.ü. Iktisadi ve idari Bilimler fakültesi dergisi, cilt 27, sayı 1, 2009.
33. Carl Henrik Koch: Kierkegaard og Det interessante. En studie i en æstetisk Kategori. København: C.A. RetzelsForlag 1992.

**به ئینگلیزی:**

34. Nevio Cristante: Nietzsche's historical confrontation with Hegel: 'The end of history'?, H.ü. Iktisadi ve idari Bilimler fakültesi dergisi, cilt 27, sayı 1, 20

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

35. Kierkegaard, Søren: *Søren Kierkegaards Skrifter*, udg. af Niels Jørgen Cappelørn; Joakim Garff; m.fl., Søren Kierkegaard Forskningscenteret 1997-2012 (tekster.kb.dk/sks).
36. Tonny Aagaard Olesen: Frederik Helveg og hans fremstilling Introduktion til "Hegelianismen i Danmark", Hentet den 23 may 2023, fra: file:///C:/Users/Rebwar/Downloads/admin,+Olesen_305-329.pdf.
37. Preben Lilhav: Kierkegaard 1834-1840**,** værker, papirer, breve m.m. i udvalg. 2006. Hentet d. 8, 3, 2023, fra **http://www.internetakademiet.dk/Sider/Forlag/Bog10.html.**
38. Henrik Jøker Bjerre: Kierkegaard talte med selvets stemme, Hentet den. 10.4.2023, fra https://litteratursiden.dk/artikler/kierkegaard-talte-med-selvets-stemme.
39. Grøn, Arne; Garff, Joakim; Cappelørn, Niels Jørgen: *Søren Kierkegaard* i *Den Store Danske* på lex.dk. Hentet 14. juni 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/S%C3%B8ren_Kierkegaard
40. Pia Søltoft،Mette Berndsen og John Rydahl: Kierkegaard – lidenskabens tænker،Systime،2023.Hentet den 2023/06/02 fra https://kierkegaard.systime.dk/?id=1.
41. Stefánsson, Finn: *tro* i *Den Store Danske* på lex.dk. Hentet 24. maj 2023 fra https://denstoredanske.lex.dk/tro.